IDEA

DIPLOMATIC

# فایلی

# خۆپیشاندانەکانی لوبنان

IDEA
DIPLOMATIC

المستقبل

ليبانون فايلز
LEBANON FILES




# پەیامەکانی جووڵانەوەی پرتەقاڵیی لوبنان

## شکستی حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانی لە بەردەم خواستە کەڵەکەبووەکاندا

د. ئەیمەن سەمیر
وەرگێڕانی: ئایدیا دیپلۆماتیک

**خۆپیشاندان و ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی لوبنان لە 17ی ئۆکتۆبەری 2019 بە تووڕەیی دەستیان پێ کرد، ئەوەیش لە ئەنجامی شکستهێنانی حکوومەتەکەی سەعد حەریری دەستلەکارکێشاوە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی خێرا بۆ ئەو قەیرانە ئابوورییەی لوبنان. خۆپیشاندانەکان سەرەتا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی چەند پلانێکی حکوومەت بوو بە ئامانجی سەپاندنی باجێکی زیاتر بە سەر کەرتی بەنزین و تووتندا، سەرەڕای وەرگرتنی باجی تۆڕی پێوەندیی تەلەفۆنی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، وەك واتسئاپ. پاشان ڕووبەری خۆپیشاندانەکان فراوانتر بوو تا ئاستی داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی لوبنان.**

## پاڵنەر و ئامانجەکانی خۆپیشانەکانی لوبنان

ئاشـکرایە چەنـد پاڵنەرێـکی ڕەوا لـە پشـت هەمـوو ئـەو خۆپیشـاندەرانەوە وەسـتاون، کـە بـە شـێوەیەکی خۆڕسـکانە ڕژانـە سـەر شـەقامەکان، کـە هاوکاتـە لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی ڕێـژەکانی بێـکاری و هـەژاری و بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی کورتهێنـانی بودجـە و وەسـتانی گەشەسـەندنی ئابووری، سـەرەڕای ئـەوەی کـە دامـودەزگا داراییـە نێودەوڵەتییـەکان لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا بـە شـێوەیەکی نەرێنـی تەماشـای دۆخـی لوبنـان دەکـەن. زۆرینـەی خۆپیشـاندەران، بـە تایبـەتی توێـژی گەنجان ئەوەیـان دووپـات کـردەوە، کـە هیـچ داهاتوویەکیـان لـە لوبنـان نییـە، لـە کاتێکـدا نایانەوێـت بـۆ دەرەوەی وڵاتەکەیـان کـۆچ بکـەن، بـەڵام سـەرەڕای ڕاسـتگۆیی و دەربڕینـی ئـەم هەڵوێسـتانە دەبینیـن هەمـوو کێشـە ئابوورییـەکانی لوبنـان بـۆ خـۆی «ئەنجامـە» نـەوەک «هـۆکار» بـە هـۆی کـۆی ئـەو قەیـرانی سیاسـی و ئەمنییانـەوە، کـە لوبنـان بـە دەسـتیانەوە گیـرۆدە بـوە. ئـەو کەسـەی هەڵوێسـتی حیزبـە سیاسـییەکان و هێـزە لوبنانییـەکان بخوێنێتـەوە لـە کاتی خۆپیشـاندانەکاندا، بـۆی دەردەکەوێـت کـە بـاری ئابووریـی شکسـتخواردووی لوبنـان بەرئەنجامـە نـەوەک نەخـۆشی، لەبـەر ئەوەیـە کـە زۆرێـک هیوایەکیـان لـە سـەر سـەرکەوتنی ئـەو دەستپێشـخەرییە هەڵنەچنیـوە، کـە حکوومـەتی لوبنـان بـە سـەرۆکایەتیی سـەرۆک وەزیـرانی دەستلەکارکێشـاوە سـەعد حەریـری پێشـکەشی کـرد. ئایا کاری لـە پێشـینەی لوبنانییـەکان لـە هەمبـەر ئـەم هەلومەرجـە مێژووییـەدا چییـە؟ ئایـا کاری لەپێشـینە ڕزگارکـردنی لوبنـان و چارەسـەرکردنی دەردە ڕاسـتەقینەکەیە یـان ڕزگارکـردنی حکوومەتـە لـە ڕێگـەی هەندێـک ڕێـکاری ئازارشـکێن و سـەپاندنی ڕێـژەی %35ی بـاج بـە سـەر بانکەکانـدا، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەیشـدا لوبنـان بووەتـە یەخسـیری شـێرپەنجەی لەخشـتەبردن لـە لایـەن ئەجێندایەکـی هەرێمیـی گوماناوییـەوە؟ ئایـا «نەخشـەڕێگەیەک» هەیـە بـۆ دەربازکـردنی لوبنـان لـەو تونێڵـە تاریـک و دووردرێـژەی لـە سـاڵانی ڕابـردوو تێیـی کەوتـوە و تـا ئێسـتایش بەردەوامـە؟

هەمـوو ئاماژەکان ڕوویـان لەوەیـە، کـە گـەلی لوبنـان باجـی ئـەو ڕێککەوتنـە دەدات، کـە «میشـال عـۆن»ی بـەرەو سـەرۆکایەتیی کۆمـار و «سـەعد حەریـری» بـەرەو سـەرۆکایەتیی حکوومـەت بـرد، سـەرەڕای هەوڵـدانی سـەرۆک وەزیـران بـۆ کۆکردنـەوەی زۆرتریـن حیـزبی سیاسی لـە نـاو کابینـەی حکوومەتەکەیـدا، کـە لـە ئەنجامـی سـەرکەوتنی حیزبولـڵا و لایەنگـرەکان لـە دواهەمیـن هەڵبـژاردنی پەرلەمانـی لوبنانـدا دروسـت

## بیۆگرافیای کۆماری لوبنان






| | |
|---|---|
| پێگەی جوگرافی لوبنان | یەکێکە لە ولاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەویتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاوە |
| ڕێژەی دانیشتوان | 4,259,000 کەس |
| ژیانی شارستانی | 88 لەسەدی دانیشتوانی ولات لە شارەکان دەژین |
| بەرزترین لووتکە | قورنەی ڕەش |
| رووبەر | 10452 کم$^2$ |
| زمانی فەرمی | زمانی عەرەبی |
| گرووپە ئیتنییەکان | 94٪ عەرەب، 5٪ ئەرمەن، 1٪ ئەوانیتر |
| ناوەندی تەمەن | 79.584 ساڵ |
| سیستمی حوکم | کۆماریی پەرلەمانی |
| سەرۆك کۆمار | میشال عۆن (مەسیحی) |
| سەرۆکی پەرلەمان | نەبی بری (موسوڵمان شیعە) |
| ڕۆژی سەربەخۆیی | 22ی نۆفەمبەری ساڵی 1943 |
| دامەزراندنی دەوڵەتی لوبنانی گەورە | 1ی سێپتەمبەری 1920 |
| دەرچوونی دەستوری لوبنان | 23ی ئایاری 1926 |
| کشانەوەی هێزەکانی فەرەنسا | 31ی دیسەمبەری 1946 |
| تێکرای ساڵانەی داهاتی ناوخۆ | 61.581 ملیار دۆلار |
| داهاتی تاکە کەس | 15.557 دۆلار |
| تێکرای پەدەگی دارایی | 55,411,532,096 دۆلاری ئەمەریکی |
| پۆلێنی گەشەی ئابووری | بەرز پلەی (71) |
| ڕێژەی بێکاری | ڕێژەی 6٪ (2016) |

بوو، بەڵام حیزبوڵڵا و گەورەترین پشتیوانیی «کۆماری ئیسلامیی ئێران» وەکوە دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی بەکارهێنانی سیاسییانەی هەژموونی ئێران بە سەر حکوومەتی لوبنان مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکەدا کرد و بە تەواوی لوبنانی بە پڕۆژەی ئێرانەوە پەیوەست کرد و لە جیهانی عەرەبی دای بڕی. لەبەر ئەوە حیزبوڵڵا و هاوکارەکانی خۆیان تەرخان کرد بۆ پەکخستنی هەر هەنگاوێک، کە بە سوود و قازانجی گەلی لوبنان بشکێتەوە، بەڵکوو گەلی لوبنان بوو باجی بەشداریکردنی وەزیرەکانی حیزبوڵڵای لە حکوومەتەکەی

سەعد حەریری دا، دوای ئەوەی کە دامودەزگا داراییە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان ڕازی نەبوون هیچ کۆمەک و هاوکاری و قەرزێک بدەنە حکوومەتێک، کە حیزبوڵڵا تێیدا بەشدارە، لە کاتێکدا ئەمەریکا لە لیستی تیرۆریستدا دای ناوە، ئەوەیش بە هۆی بەشداریکردنی حیزبوڵڵا لە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و دەستێوەردانەکانی لە کاروباری دەوڵەتانی ناوچەکە.

هەڕەشەکانی حەسەن نەسروڵڵا

لە میانی لێکدانەوەی وتەکانی حەسەن نەسروڵڵا و وتەکانی جوبران باسیل وەزیری دەرەوەی لوبنان و سەرۆکی ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد لە کۆشکی سەرۆکایەتیی لوبنان، کە میراتگریی سەرۆکایەتییە کاتێک وێنەکانی لە ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاو کرایەوە لەگەڵ ئەندامانی سەر بە بزووتنەوەی ئەمەل، کە بە چەکەوە خۆیان نمایش کردووە بە ئامانجی ترساندنی خۆپیشاندەران، تەنها یەک شت دەڵێیت: ئەو تیمەی کە بە درێژاییی ساڵانی ڕابردوو لوبنانیان لە بار برد، ئێستایش دەیانەوێت لوبنان بکەنە دیلی ئەم پرۆژە ئێرانییە سنووربڕە، کە بە هۆیەوە شانازی دەکرێت بە کۆنترۆڵکردنی 4 پایتەختی عەرەبی لە نێوانیاندا بەیرووت. ئەم تیمە نایەوێت حکوومەت دەست لە کار بکێشێتەوە، یان لە سەر کار لابرێت لە پێناو دەربازکردنی وڵاتەکە یان ترسانیان لە چوونە ناو دۆخێکی تازەی نەبوونی متمانەی سیاسی و ئابووری، بەڵکوو دەیانەوێت جڵەوی هێشتنەوەی لوبنان و حکوومەتەکەی بکەن وەک «دەستکەلا» بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی پرۆژەی ئێران، کە لە نزیک یان لە دوور هیچ پێوەندییەکی بە خەونەکانی گەنجانی لوبنانەوە نییە.

حیزبوڵڵا و لەگەڵیدا ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد و هاوپەیمانەکانیان زیاتر کۆنترۆڵی جومگەکانی دەسەڵاتی لوبنانیان کردوە، ئەوەیش لە ڕێگەی ئەو وەزیرانەی کە وەلائیان بۆ ئێران و حیزبوڵڵا هەیە، نەوەك بۆ حکوومەتی لوبنان. هاوکاتیش لەگەڵ گەرمبوونی ئەو خۆپیشاندانانەی کە داوای ڕووخاندنی سیستمی سیاسیی لوبنانیان کرد، حیزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەل و ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد دروشمی ڕووخاندنی حکوومەتیان ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا ئەوانی تر داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەتی حەریری-یان کرد. قسەکانی سەعد حەریری زۆر ڕوون بوو کاتێك گوتی، چەند لایەنێك هەن کاروبارەکانی حکوومەت پەك دەخەن، لە ئاماژەیەکدا بۆ پەکخستنی پەسەندکردنی بودجە لە لایەن وەزیرەکانی حیزبوڵڵا و ڕەوتی نیشتمانیی ئازادەوە، کە لە ئەنجامدا هۆکارێك بوو بۆ بێبەریکردنی لوبنان لە (11) ملیاری دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان، جگە لەمەیش سیاسەتەکانی

> **ئەو کەسەی هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکان و هێزە لوبنانییەکان بخوێنێتەوە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا، بۆی دەردەکەوێت کە باری ئابووریی شکستخواردووی لوبنان بەرئەنجامە نەوەك نەخۆشی**

حیزبوڵڵا بارمەتیدەر بوون لە هەڵاتنی وەبەرهێنەر و گەشتیاران لە لوبنان. هەروەها دەستێوەردانەکانی حیزبوڵڵا لە کاروباری دەوڵەتانی عەرەبی بوە هۆکاری کەمبوونەوەی داهاتەکانی لوبنان لە دەرەوە، جگە لەوەیش فاکتەرێکە بۆ پەکخستنی یارمەتی و هاوکارییە عەرەبییەکان، کە لوبنان بەردەوام سوودی لێ وەرگرتوە.

ئەوەی چاوخشاندنەوەیەك بە حساباتەکانی




**دیمەنێك لە خۆپیشاندانەكانی لوبنان**

حکوومەتی لوبنان بکات بۆی دەردەکەوێت، ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد بە تەواوی دەستی بە سەر کۆمپانیای کارەبای لوبناندا گرتوە، کە 33%ی تێکڕای بودجەی لوبنان پێك دەهێنێت، هەروەها دەستپێشخەرییەکانی حکوومەت لە دەرەوەی داڕشتنی پەیکەر و سیاسەتی ئەم کۆمپانیایەدایە، بەڵام ئەمە مەرجێکی دامودەزگا داراییە نێودەوڵەتییەکانە بۆ پێشکەشکردنی کۆمەك و یارمەتی بە لوبنان. حیزبوڵڵا لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی بەندەرەکان و بواری پێوەندییەکان و گەیاندن وەزارەتی دارایی لوبنانی لە 2 ملیار دۆلاری داهاتی بەندەرەکان و 5 ملیار دۆلاری کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیاندن بێبەش کردوە، لەبەر ئەمەیە کە ئەو لایەنە سیاسییانە لە ڕێگەی وەزیرەکانیان لە ناو حکوومەتی لوبنان ئەو هەموو پێشنیار و پرۆژانەی چاکسازییان پەك خستوە، کە سەرۆك وەزیرانی پێشوو سەعد حەریری بە ئاراستەی دەربازکردنی وڵاتەکە لە قەیران پێشکەشی کردوە، بەڵکوو حەسەن نەسروڵڵا ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵای لوبنان هەڕەشەی لە خۆپیشاندەرانی لوبنان کردوە، کە دەتوانێت شەقام بجووڵێنێ و لێی بمێننەوە. لە نیسانی 2013وە کێشەکانی لوبنانییەکان زیادیان کرد کاتێك حەسەن نەسروڵڵا ڕای گەیاند، حیزبەکەی بەشداریی لە شەڕی سووریا دەکات، بەم هۆیەشەوە قەیران و کێشەکانی لوبنان زیاتر هەڵکشان، بە تایبەتی کێشە ئەمنی و سیاسییەکان، بەڵام ئابووریی لوبنان لەو بەشداریکردنەی حیزبوڵڵا لە شەڕی ناوخۆی سووریا گەورەترین زیانی بەر کەوت، ئەمە جگە لە ئاشکرابوونی ئەندامانی سەر بە حیزبوڵڵا لە عێراق

و یەمەن، کە بە شێوەیەك لە شێوەیەك زیانی بە گەشەی ناوخۆی لوبنان گەیاندوە.

**سیناریۆکانی داهاتوو چییە؟**

هەڕەشەکانی حەسەن نەسرولڵا و پێداگریکردنی لە سەر ئەوەی حکوومەتی حەریری نارووخێت، بۆ خۆی تەحەدایەکە بۆ ویستی لوبنانییەکان، بەڵکوو لە گۆشەیەکی ترەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لوبنان ڕووبەڕووی مەترسیی ئایندەیی کاریگەر دەبێتەوە، بەڵکوو دوور نییە وەك بارودۆخی بەغدا و باشووری عێراقی لێ بێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی خۆپیشاندەرانی عێراق و لوبنانیش لە دروشمەکانیاندا داوای ڕزگاربوونیان کرد لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران، ئەمەیش بە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەسەپێنێت لە ڕێگەچارە بگەڕێن بۆ پاراستنی گەلی لوبنان لە هەڕەشەی سێقۆڵی «حیزبولڵا - جووڵانەوەی ئەمەل - ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد». ڕووخاندنی حکوومەتی ئێستا هەرگیز لە بەرژەوەندیی حیزبولڵا و جووڵانەوەی ئەمەل و ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد نییە بە سەرۆکایەتیی جوبران باسیل، لەبەر ئەوەی بارودۆخی لوبنان بۆ ئەم هاوپەیمانێتییە سێقۆڵییە باشترە نەك پێچەوانەکەی، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی تر لە مەسیحییەکان و لایەنە سوننەکان لە بەردەوامبوونی ئەو حکوومەتە زیانیان بەر دەکەوێت، بەڵکوو خودی دەوڵەتی لوبنان زیانی بەر دەکەوێت.

تەڵەزگەیەکی تری لوبنان ئەوەیە، پێکهێنانەوەی حکوومەت لە سەر بنەما سیاسییەکانی پێشوو دەبێتە هۆی زیاتر تووڕەکردنی شەقامی لوبنانی، کە پێداگری لە سەر حکوومەتی بێلایەن دەکات تا لەو تەکنۆکرات و شارەزایانە پێك بهێنرێت، کە کەمترین پێوەندییان بە چینی سیاسییەکانەوە نەبێت. لەبەر ئەمەیە کە نەخشەی لوبنانی داهاتوو لە بەردەم چەند بژاردەیەکی قورسدایە، بەڵام پێکهێنانی حکوومەتێکی تێکەڵەی نوێ بە سەرۆکایەتیی سەعد حەریری، کە لە تەکنۆکرات و سیاسییە ژیرەکان پێك بێت، ئەمەیان جێگەی ڕەزامەندیی جوبران باسیل نییە، بەڵکوو ئەمە بە تێکشکانێك بۆ بەرەی سەرۆك میشێل عۆن و پیلانگێڕییەك لە لایەن جەمسەکانی دەسەڵات دەبینێت بۆ ئەوەی لە کورسیی سەرۆکایەتی دووری بخەنەوە، یاخود ڕۆیشتن بۆ بژاردەیەکی نیمچە ئەستەم، ئەویش بریتییە لە پێکهێنانی حکوومەتێکی بچووککراوە لە لایەن حەریری-وە، بەڵام ئەم بژاردەیەشیان جێگەی ڕەزامەندیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی لوبنان نابێت، بەڵکوو حیزبولڵا دەخاتە بەردەم قەیرانێکی ڕاستەقینە، چونکە لە لایەک پێویستی بە چەترێکی مەسیحییەکان دەبێت، کە هەر دوو جەسەری عۆن-باسیل لە ناوەوە و دەرەوە لە خۆ بگرێت، لە لایەکی ترەوە وڵات ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری دەکاتەوە و سەرۆك حەریری دەکاتە ژمارەیەکی قورس و بەهێز لە بەرانبەر حیزبولڵا.

**سەرچاوەکان:**

https://al_ain.com/article/lebanon_policy_economie
http://www.lebanonfiles.com/news/1529182

IDEA
DIPLOMATIC

العين
الإخبارية

ليبانون فايلز
LEBANON FILES



# مەسجی ئێران بۆ عێراق و لوبنان: گۆڕانکاری قەدەغەیە

## ڕاپەڕینی تشرین و جووڵانەوەی پرتەقاڵی لە گەمەی هێزە هەرێمییەکاندا

حازم ساغیە – عیماد مەرمل
وەرگێڕانی: ئایدیا دیپلۆماتیک

**لێکچوون لە نێوان هەر دوو جووڵانەوەی عێراق و لوبنان و لە نێوان پیلان و هەلومەرجە هەرێمییەکاندا نادروستە، لەبەر ئەوەی لە هۆشیارییەکی نادروست و گەندەڵەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بریتییە لە بۆچوونێکی پیلانێگرِییانەی ئاوێتە بوو بە ویستێکی قووڵ بۆ بەکارهێنانی هەرد وو وڵات (عێراق و لوبنان) لە ململانێ هەرێمییەکاندا. لە هەردوو حاڵەتە شۆڕشئاساکەی عێراق و لوبنان، هەموو جۆرە تیۆرەکان لاواز و بێتوانان لە ئاستی پەیبردن بە ڕۆڵێکی زەقی ئێران لەو ڕووداوانەدا، نەك بە مانایەکی پیلانگێڕی، بەڵکوو بەو واتایەی کە هەوڵ بدات لەو بارودۆخەدا بابەتییانە بێت، کە لە وتە و لێدوانەکانی حەسەن نەسروڵلا ئەمینداری گشتیی حیزبوڵلا و هەڵسوکەوتەکانیدا و لە تویتەکانی عەلی خامنەئی ڕابەری باڵای ئێران قابیلی سەلماندنە.**

حکوومەتی تاران، کە پێوەندییەکی شێواو و ناسەقامگیری لەگەڵ ڕوانگەی هەرێمی و جیهاندا هەیە، ناتوانێت وەك دەوڵەتێکی دیاریکراو و پابەند بە سنوورەکەیەوە ڕەفتار بکات، هەروەها ناتوانێت هەمیشە تەبا بێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا. عێراق بە تایبەتی و لەگەڵیدا لوبنان وا پێویست دەکات ڕێگری لە دروستبوونی هەر گۆڕانکارییەك لە ناوخۆیاندا بکەن، چونکە بە پێی تێڕوانینی ئێران، دوو پێگەی ستراتیژیی گرنگن، هەروەها لە بارودۆخی شەڕدا قوربانیدان بە پێگەیەکی جەنگیی گرنگی ئاوا لە لایەن فەرماندەی جەنگاوەرانەوە جێی بەرگەگرتن نییە. ئەم بۆچوونە وەڵامدانەوەی ئەو ڕووداوانەیە، کە دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی عەرەبی لە دوای دروستبوونی ترسی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە خۆیانەوە بینیوە. بۆ نموونە، هاوینی ساڵی 2003 ئەنجوومەنی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم بڕیارێکی دەرکرد، تاران پابەند دەکات بە مەرجی «وەستاندنی خێرا و تەواوەتی کارەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم و واژۆکردنی پرۆتۆکۆڵی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم، هەروەها ڕێگەپێدان بە پشکنینی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بێ هیچ کۆسپ و مەرجێك». ساڵی 2004یش درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی ئەمیل لەحود بوە ناونیشانی پێداگریکردن لە سەر بەدوورزانینی هەموو جۆرە گۆڕانێك لە لوبنان. هەمان ویست و خواست، بەڵام بە ڕێژەیەکی گەورەتر لە لایەن ڕژێمی سووریاوە بوو لە کاتی پەلاماردانی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە، هەر لە ساڵی 2004دا بوو خەڵکی قامیشلی لە دژی دەسەڵاتی ئەسەد ڕاپەڕین، هەروەها بڕیاری ژمارە (1559)ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکرا تاوەکو لوبنان ڕەوشێکی سەقامگیری هەبێت.

## کەمکردنەوەی توندیی نارەزاییەکان

ئێرانییەکان وای بۆچوون کە هۆکارە ئابوورییەکان گۆڕاوی سەرەکیی ئەو نارەزاییانەن و هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان، ئەمەش تا چاویان لە سەر هۆکارەکانی دیکە لابدات، کە پشکداربوون لە سەرهەڵدانی نارەزاییەکان، کە پەیوەستن بە پەیوەندی ئێران بە میلیشیا پاشکۆکانی لەو دوو دەوڵەتەدا. سەرەتا ئێران پشتیوانی حکومەتەکانی عێراق و لوبنان بوو، چونکە لە عێراق زۆرینەی ئەو لایەنانەی بەشداری حکومەتن، نزیك و هاوپەیمانی ئێرانن. لە لوبنانیش ئامانج لە پشتیوانیکردنی حکوومەت درێژەدانە بە شەرعیەتی مانەوەی حیزبوڵلا بەوەی بەشداریی حکوومەتە. پوختەی قسە ئەوەیە، کە ئێران وردە

**بیۆگرافیای جوبران باسیل، سەرۆکی ڕەوتی نیشتیمانی ئازاد**





| | |
|---|---|
| پێناسی کەسیی | جوبران باسیل لە 21ی تەمووزی 1970 لەدایك بووە. سیاسیەکی لوبنانیە و لە 15ی شوباتی ساڵی 2014وە کراوەتە وەزیری دەرەوەی لوبنان |
| پێگەی سیاسی | سەرۆکایەتی ڕەوتی نیشتیمانیی ئازاد دەکات، کە ڕەوتێکی مەسیحیە. لە هەڵبژاردنی ساڵی 2018 لەسەر شاری ئەلبترۆن کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستهێناوە. لە کاتی قەیران لەگەڵ هاوپەیمانێتی 14ی ئادار وەك یەکێك لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوت و ڕەخنەی توندی لە حکوومەت گرت کە گەشە بە تیرۆر دەدات |
| ژیانی زانستی و پراکتیکی | ساڵی 1992 بڕوانامەی لە بواری ئەندازیاری شارستانی بەدەستهێناوە، لە ساڵی 1993 بڕوانامەی ماستەری لە بواری گەیاندن لە زانکۆی ئەمەریکی بەیروت بەدەستهێناوە |
| پۆستە وەزارییەکانی | لە نێوان ساڵانی 2008 تا 2016 کراوە بە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، وەزیری وزە و ئاو، وەزیری دەرەوە لە کابینەکانی حکوومەتی فوئاد سەنیورە و نەجیب میقاتی و سەعد حەریری |
| شکستهێنانی لە هەڵبژاردنەکان | دوو جار حیزبەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و جارێکیش هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی دۆڕاندووە، ئێستاش بۆ جاری سێیەم پاڵێوراوە |
| ژیانی خێزانداریی | لە ساڵی 1999 لەگەڵ (شانتال) کچی سەرۆك میشال عۆن هاوسەرگیری کردووە و سێ منداڵیان هەیە |

بەرەو تێوەگلان و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ هەنگاو دەنێت لەو ناڕەزاییانەی تووشی لوبنان و عێراق بوە، چونکە پێی وایە تاکە لایەنی هەرێمییە، کە ئەو ناڕەزایی و خۆپیشاندانانە بە ئامانجی دەگرن. ئەوەی مەترسیدارترە بریتییە لە بەشداریکردنی ئێران و حیزبوڵڵا لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی سووریا. دروستبوونی گۆڕان لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئێران قەدەغەیە و تاران بە حوکمی سروشتی سیستمە سیاسییەکەی هەمیشە لە سایەی ئەم جۆرە بارودۆخانە ئاڵۆزەدا دەژی. هاوکات لەگەڵ هەبوونی

جیاوازییەکانی قەبارە و گرنگی پێگە، لە ئەزموونی ئیمپراتۆریەتەکانی پێشوودا دەگەینە هەمان بنەمای سیاسی لە نیشاندانی هەژموون و قەڵەمڕەویاندا بەسەر وڵاتانی دەوروبەردا.

هەڵوێستی تاران لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتدا هێندە جیاواز نییە، ڕاستە کە خۆمەڵاسدانی ئەمەریکا دەرفەتی ئاوارتەی بۆ دابین کردوە، هەروەها ئەو پاشاگەرانیەی لە ساڵانی ڕابردوودا هەبوو جۆرێک لە بۆشایی بۆ دروستکردوە، کە واشنتۆن خۆی بۆ پڕکردنەوەی ئامادە کردوە، بەڵام ئەمە بە تەنها بەس نییە. ئەو کێشەیەی سەرەتا لە عێراقدا دەرکەوت پاشان لە لوبنان، ئەوەیە کە ئێران توانای دروستکردنی بارودۆخی ئەڵتەرناتیفی نییە، یارمەتیدەر بێت بۆ لەباربردنی و بەرەنگاربوونەوەی، ئەمە بۆ خۆی پڕۆژەیەکی ئیمپراتۆری پووچ و سنووردار کراوە، کە سەرکەوتن بەدەست دێنێت لە بواری لەباربردن و لە ڕووی بونیادیشەوە شکست دێنێت. هێندە بەسە فۆکس بخرێتە سەر کەڵکوەرگرتن لە سەروەت و سامانی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گەمارۆیەی لە لایەن ئەمەریکاوە خراوەتە سەری. ئێستاش لە سایەی ئەو دۆخی هەڵکشان و ناڕەزایەتیە بەربڵاوەی عێراقی گرتەوە لە دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران، هێندە دیارە کە تاران نموونەیەکی خراپ بەرجەستە دەکات.

لە بەرانبەر کێشە و گرفتی ئێراندا، کێشەیەکی تر هەڵتۆقیوە، ئایا لە عێراق یان لە لوبنان بێت. بە هۆی جۆرێک لە جیاوازیەوە، هێشتا دەیەوێت دەست بە دەسەڵاتەوە بگرێت لە وڵاتانی سنووری قەڵەمڕەویدا و لە هەمان کاتیشدا ئەمەی ناوێت. لە ڕاستیدا بارودۆخێکی ئاوا هەمیشە قابیلی تەقینەوەیە، بە تایبەتی لە سایەی قەیرانە ئابووریە خنکێنەرەکاندا. با سەرنج بدەینە ئاراستەی ڕەوشەکە: لە دوای وەستانەوە لە بەرامبەر هێزە مەزهەبی و ئیتنییەکاندا، هەلومەرجی عێراق ئاڵۆزتر بوە و گەیشتوەتە ئاستی پێکهەڵپژان لە ناو ژینگەی خودی شیعەگەراییدا. لە لوبنان بۆ یەکەمجار دابڕان و دڕدۆنگیەکە لە نێوان حیزبوڵلا و ژینگەکەی و نێوان هەندێک لە هاوپەیمانەکانیدا دەرکەوت. ئەم پڕۆژەیە لە ڕێگەی سەرکردەکانیەوە لە بەغدا و بەیروت سەریهەڵداوە، کە بە سەر جۆرێک لە سیاسەتدا کراوە نییە. هەر کاتێک هەزار هاووڵاتی عێراقی یان لوبنانی لە گۆڕەپانێکدا کۆبوونەوە، ئەوە هێزە دەستڕۆیشتوەکان لە ئێران دەترسێنێت و بە هۆشدارییەوە لێی دەڕوانن. ئەمە بۆ خۆی دۆخێکە هەمیشە لە پەراوێزدا گەشە دەکات، کە لە نێوان ئاڵۆزی و توندوتیژیدا یاری دەکات، کە بە فاکتەری خراپی باری ئابووری و بژێوی هاوڵاتیانەوە گرێدراوە، بۆیە یان ئەوەتا ئەم پڕۆژەیە گەشە دەکات و ئەو گەلانە زیاتر دادەڕزێنێت، کە داوای گۆڕانکاری و گۆڕینی سیتمی فەرمانڕەوا دەکەن، لە کاتێکدا لێیان قەدەغەیە، یاخود گۆڕانکاری ڕوودەدات و بنەما و دیدگای ئێران لەبەردەم شەپۆلی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵکیدا شکست دەهێنێت.

## ئایا پەیامەکانی جووڵانەوەی پرتەقاڵی چیە؟

لە ڕاستیدا خۆپیشاندانی لایەنگرانی ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد لە ڕوانگەی کۆشکی (بەعەبدا)، لە پاڵ وتەکانی سەرۆکی لوبنان میشال عۆن و وەزیر جوبران باسیل بۆ ئاپۆرای خۆپیشاندەران، چەند پەیامێکی هەڵگرتوە. ئەوە ئاشکرایە کە ڕەوتی نیشتمانیی ئازاد، کە لە دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی 17ی تشرینەوە کەوتە سەنگەری بەرگرییەوە، بەڵام لە چەند بەرەیەکەوە کەوتە هێرشی پێچەوانە، لە هەوڵێکدا بۆ بەدەستهێنانەوەی دەستپێشخەری سیاسی و جەماوەریی، هەروەها بۆ بونیادنانەوەی هاوسەنگی هێزەکان لە ناوخۆدا. سەرەڕای ئەوەی کە لایەنە پێوەندیدارەکان بە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانی پرتەقاڵی پێداگرییان لە سەر ئەوە کرد، کە ئەو مەسجانە لە دژی جووڵانەوەکە

ئاراستە نەکراوە، بەڵکوو یەکتری تەواو دەکەن و بەدەنگەوەهاتنی خواست و داواکارییەکانی ئەو خەڵکەیە، بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی ڕاستگۆیانە بەشداریان تێدا کردووە، بەڵام ئەمە ڕەتی ئەوە ناکاتەوە، کە ڕەوتی نیشتمانی ئازاد لە ڕێگەی نمایشکردنی هێز و پێگەی جەماوەری و کۆکردنەوەی لایەنگرەکانیەوە ویستوویەتی دوو ئامانجی سەرەکی بە دەست بێنێت:

1. سەرلەنوێ کۆکردنەوە و جۆشدانی کرۆکی جەماوەرەکەی و بەرزکردنەوەی ئاستی مۆراڵی، بە تایبەتی لە دوای کشانەوە و لاوازبوونی لە ژێر باری ئەو تۆمەتە توندانەی، لە لایەن هەندێک لە بەشداربوانی جووڵانەوەکەوە ڕووبەڕووی ڕەوتەکە کرایەوە، پاشان خۆی سازو ئامادە کرد بۆ داڕشتنی بنەما (عۆنییەکان) تاوەکو بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی سیاسی نوێ و جیاواز لە ڕووی میکانیزم و ئامرازەکانی و تایتڵەکانیەوە، بە جیاواز لەوەی لە پێشدا هەبوە.

2. ناردنی مەسجێکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو خاوەن ئەجێندا سیاسییانەی، کە خزانە ناو گۆڕەپانەکانی وەشاندنی گورز لە میشال عۆن و جوبران باسیل، واتاکەی ئەوەیە کە شەقامی «ڕەوتی نیشتمانی» هێشتا دەستی بەرنەداوە و دەتوانێت لەگەڵ شەقامەکانی تردا هاوسەنگی دروست بکات، هەروەها ڕووخاندنی بەرەی (العهد)، یان کودەتاکردن بە سەریدا کارێکی مومکین نییە، هەر چەند هەڵمەتەکان بۆ لێدانی و تەنگەتاوکردن و سنووردارکردنی زیاتر پەرەیان سەندوە. باڵێکی تر بۆ هاوکێشەی هاوسەنگی نێوان «شەقامە سیاسییەکان» زیاد بوو، کە بە ڕوونی لە ڕۆژانی خۆپیشاندانەکانی جووڵانەوەی پرتەقاڵیدا دەرکەوت، یان لە ڕێگەی جووڵانەوەی لایەنگرانی (هێزە



**هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنانی**



**سەعد حەریری - میشال عۆن - نەبی بەڕی**

لوبنانییەکان)وە، کە ئامادەیی باشیان لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خۆرهەڵاتی بەیروت هەبوو، یان لە ڕێگەی هەڵنانی جەماوەری خۆپیشاندەر بەرەو (ڕەوتی ئایندە) بە سەرۆکایەتی سەعد حەریری، کە ڕاستەوخۆ لە دوای دەستلەکار کێشانەوەی حەریری لە سەرۆکایەتی حکوومەتی لوبنان بە مەبەستی پشتگیری لێکردنی ڕاپەڕین، یان وەک هەنگاوی سێیەم لە ڕێگەی لایەنگران و پشتیوانانی بزووتنەوەی (ئەمەل) و (حیزبوڵڵا)وە بوو، کە دەستیان بە کاردانەوەیەکی توند کرد لە بەرامبەر هێرشکردنە سەر سەرکردەکانیان. ڕەوتی پرتەقاڵی هەستی بەوە کرد، کە لە هەوڵی تیرۆرکردنی لە ڕووی مۆراڵی و سیاسیەوە دەربازی بوە، کە لە لایەن ئەو نەیارانەیەوە لە دژی کرا، کە خۆیان لە ناو بەرگی جووڵانەوەکەدا شاردەوە و سواری ئەسپەکەی بوون. بەم شێوەیە خۆپیشاندانی بەعەبدا لە بەشێکیدا وەک خۆپیشانێکی تۆڵەسەندنەوە بەدەرکەوت، نەوەک وەک خۆپیشاندانی پشتیوانی لە سەرۆک کۆمار.

دەرکەوتنی سەرۆک میشال عۆن لە ناو ئاپۆرای خۆپیشاندەردان لە شێواز و ناوەرۆکدا، ئەوەی نیشاندا کە سەرۆک بڕیاریدا بۆ کاتێکی کەمیش بێت بە ڕوحیەتی ژەنراڵ دەربکەوێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی جلوبەرگی فەرمی وەک سەرۆک تەنگەتاوی کرد و دووریەکی خستە نێوانی خۆی و ئەو سیاسەتەوە، کە هێنای بۆ ناو کۆشکی سەرۆکایەتی. هاوکات لەگەڵ ڕابوونەوەی بنەما عۆنییەکاندا، باسیل تیرەکانی (گوتاری بەهەند وەرگرتن)ی ئاراستەی هاوبەشە هەڵگەڕاوەکان کرد، بەڵام بێئەوەی ناویان بێنێت کاتێک ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە «گەندەڵکاران کۆشک و تەلارەکانیان بە سامانی دەوڵەت و پارەی خەڵک بونیاد ناوە، توولەمارەکانیش هەستان بە دانانی کۆسپ و تەگەرەکان و شەڕ و ماڵوێرانیان بەبیر هێنایەوە». لە لایەکی تریشەوە پێداگری لە سەر ئەوە کردەوە، کە بەوە ڕازی نابێت شۆڕش بە مانەوەی گەندەڵەکان و لاچوونی کەسە چاکەکان کۆتایی پێبێت. جوبران باسیل لە وردە

حساباتە سیاسیەکەیدا، هەندێک لەوانەشی نەپەڕاند، کە لە سەر ژینگەی ڕەوتی نیشتمانی ئازدا ئەژمار دەکرێن، کاتێک سەرنجی ئەوەی دا، کە «لە کاتی قەیرانە گەورەکاندا ئەو ترس و ناپاکیانە دەردەکەوێت، کە لێی تێناگەن، بۆیە پێویستە ترس و کەسانی ناپاک لە نێوانماندا نەبێت»، ئەوەش لە ئاماژەیەکی ڕوون بۆ پەلەمانتار عەمید شامل ڕۆکز، کە لە بەرەی تەکتولی لوبنانی بەهێز کشایەوە. بەشێک لە قسەکانی جوبران باسیل کاتێک گوتی: «ڕۆڵ لە پێگە و پۆست گرنگترە، لەبەر ئەوەیە پێگە هەندێک جار کۆت دەبێت، لە کاتێکدا ڕۆڵ هەمیشە ئازادە و شکۆش لە هەردووکیان گرنگترە، چونکە لەبەردەم شکۆ و کەرامەتدا پۆستەکان گرنگ نییە». ئەمە ئاماژەیەکمان پێ دەڵێت، کە هەموو ئەگەرێک ڕێگەی تێدەچێت سەبارەت بە مانەوەی لە حکوومەتی داهاتوودا یان دەرچوون لێی، لە هەمان کاتیشدا ئەو پێی وایە نابێت گەندەڵکاران بمێننەوە و کەسە چاکەکان بڕۆن، وەک ئەوەی هێما بکات بۆ ئەوەی، هەر نزیککردنەوەیەکی نێوان بژاردەکانی ئایندە پێویستە دوور بێت لە بیرکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە و پاکتاوکردنی حساباتەکان. لە بارودۆخی لوبنان ئەو هاوکێشەیە بەرجەستە بوە، ئەگەر هەندێک جار دابینکردنی ئاسایش بە ڕازیکردن بێت، بەڵام ئەوە سەلمێنراوە، چاکسازی بە ڕازیکردن ئەستەمە.

جوبران باسیل هەمیشە پێی وایە، جەماوەری بەرفراوانی لوبنانی دژ بە گەندەڵی و گەندەڵکاران هاوپەیمانی بابەتییانەی ئەون نەوەک نەیار، هەندێک هەوڵ دەدەن ئەمەی بۆ دەرببڕن. ئێستا لوبنانییەکان لە هەر کاتێکی تر زیاتر داوایان لێ دەکرێت بە توندی فشار بخەنە سەر سیاسییەکان بۆ ئەوەی پاڵیان بنێن بەرەو جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان و پەسەندکردنی ئەو پڕۆژە یاسایانەی پێشنیار کراون، بە ئامانجی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و بەدیهێنانی ئامانجی لێپرسینەوە، لەبەر ئەوەی بە تەنها سیاسییەکان نین حوکمی لەسێدارەدان بۆ خۆیان واژۆ دەکەن.

سەرچاوەیەکی نزیک لە جوبران باسیل ئاشکرای کردوە، ڕەوتی نیشتمانی ئازاد سەرقاڵی ئەوەیە شەڕی بەدەستهێنانەوەی مافەکانی کریستیانەکان بگوازێتەوە بۆ شەڕی بونیادنانی دەوڵەتی مەدەنی و جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی لە دوای ڕێککەوتننامەی تائیف جێبەجێنەکراون، ئەمەش لە ئاماژەیەکدا بۆ گوتاری یەکسانی و ڕاستکردنەوەی ڕەوتی هاوسەنگی لە لوبنان، کە ئامانجەکەی پێکاوە. ئێستا کاتی هاتوە دەست بکرێت بە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی بە هەموو پێکهاتە و جومگەکانیەوە، ئەمە لە پاڵ خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند لەگەڵ ڕەمزەکانی تائیفیەت و گەندەڵکاران لە سەر گۆڕەپانی لوبنان، بۆیە باسیل بڕوای وایە کە سەردەمی کات بەڕێکردن کۆتایی پێهاتوە و ڕەوتی نیشتمانی ئازاد هێرشێکی پێچەوانەی بۆ سەر چینی سیاسی دەسەڵاتداری گەندەڵ دەست پێ کردوە و ئەو دۆخەی دوای 17ی تشرینی یەکەم وەک دۆخی پێش ئەم ناونیشانانە نابێت.

**سەرچاوەکان:**


http://www.lebanonfiles.com/news/1529183

http://www.Algamhuria.com

https://al_ain.com/article/lebanon_policy_economie

IDEA
DIPLOMATIC

المستقبل

ليبانون فايلز
LEBANON FILES



# سیاسییه گەندەڵەکان لای خەڵکی لوبنان بێزراون

## ترسی دروستبوونی کەلێن لە ناو ماڵی شیعەکان هەیە

وەرگێڕانی: ئایدیا دیپلۆماتیک

**لە دوای خۆپیشاندانەکانی تشرین لە هەر یەکە لە عێراق و لوبنان، ئێستا ئێران چاودێریی وردی ڕووداوەکانی ئەو دوو وڵاتە دەکات، کە هەژموونی تێیاندا هەیە، نەك لەبەر ئەوەی دروشمەکانی خۆپیشاندەران دژ بە هەژموونی ئێران بوون لە لایەن خۆپیشاندەرانی هەر دوو وڵاتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە خۆپیشاندانەکان هاوکاتن لەگەڵ توندکردنی فشارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئێران، کە ساڵانێکە یەخەی تارانیان گرتووە سەبارەت بە کەمکردنەوەی وابەستەبوونی بە برگەکانی ڕێککەوتنی تایبەت بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی. 17ی تشرینی یەکەمی 2010، حکوومەتی لوبنان پێشنیازی دانانی باجی لە سەر تۆڕی پێوەندییەکانی واتسئاپ کرد. ئەم بڕیارە بوو مایەی ناڕەزایی، لەبەر ئەوەی بە پێی ڕاپۆرتێکی ساڵی 2017ی وەزارەتی ئابووریی لوبنان، نرخی پێوەندییە تەلەفۆنییەکان لە لوبنان پێنج هێندەی ئەردەن و 20 هێندەی میسرە، لوبنانییەکانیش بۆ پێوەندیکردنی ناوخۆیی و دەرەکی واتسئاپ بە کار دەهێنن.**

خۆپیشاندانەکانی ئەم جارەی لوبنان دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی جۆرە تووڕەییەکە، کە چەندین دەیەیە حوکمڕانیی خراپی لە پشتەوەیە و چارەسەر نەکراوە. لوبنان بۆ خۆی وڵاتێکە بە دەست کەمیی خزمەتگوزارییەکان و ژێرخانێکی داتەپیو و گەندەڵیی داراییەوە دەناڵێنێت. هەر چەند بروسکەی یەکەمی خۆپیشاندانەکان بە هۆی دانانی باج لە سەر پێوەندیکردن بە واتسئاپەوە بوو، بەڵام قەیرانی ئێستای لوبنان ڕیشەیەکی قووڵی سیاسیی هەیە، کە یەکەم جار لە 30 ساڵی ڕابردوودا دابەشبوونە تایفییەکانی ئەو وڵاتەی کاڵ کردووەتەوە.

### بونیادێکی ئابووریی داتەپیو

حکوومەتی پێشووی لوبنان بە سەرۆکایەتیی سەعد حەریری بڕی دوو ملیار دۆلار «واتە 4%ی تێکڕای قەبارەی ئابووریی وڵات» وەك پشتیوانیی دارایی بە کۆمپانیایەك داوە، کە ناتوانێت 24 کاتژمێر کارەبا دابین بکات. هێڵی ئینتەرنێت یەکێکە لە خاوترین و گرانترین هێڵ لە جیهاندا، قەیرانی کۆبوونەوەی زبڵی ئەو وڵاتە قەیرانێکی ژینگەیی نیمچە بەردەوامی لە کەناراوەکانی دەریای نێوەڕاست دروست کردووە، 37%ی دانیشتوان لە خوار تەمەن 35 ساڵییەوە بێکارن. 21ی ئۆکتۆبەری 2019 حکوومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی لوبنان، پاکێجێکی چاکسازیی ئابووریی ڕاگەیاند، تێیدا بەڵێنی دا کورتهێنانی ڕێژەی لە بودجەی 2020 بۆ 0.6% دابەزێنێت، لەم بوارەدا 160 ملیۆن دۆلاری قەرز بۆ نیشتەجێکردن و 16 ملیۆن دۆلاری بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان تەرخان کرد و بڕیاری دا وێستگەی نوێی بەرهەمهێنانی کارەبا دابمەزرێنێت، هەموو ئەم پرۆژانەیش بە بێ زیادکردنی باج لە سەر خەڵکی ئاسایی ڕووناکی نابینن.

بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی ئەم پرۆژانە، حکوومەت ڕێژەی 70%ی لەو بودجە تایبەتەی کەم کردەوە، کە بۆ باشوور و ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ تەرخان کرابوو، بڕیار درا مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارەکان بە ڕێژەی 50% کەم بکرێتەوە، هەروەها داوا لە بانکەکانیش کرا بە 3.4 ملیار دۆلار بەشداریی چاکسازییەکاندا بکەن. بەشی زۆری قەرزەکانی حکوومەتی لوبنان هی بانکەکانی کەرتی تایبەتی ئەو وڵاتەن، کە سیاسەتوان و کەسوکارەکانیان خاوەنیانن و ساڵانە 50%ی تێکڕای داهاتی حکوومەت وەك سوودی قەرز دەچێتە گیرفانی ئەوانەوە.

### قووڵایی ناڕەزایییەکانی خەڵك لە ڕووی سیاسییەوە

قەیرانە ئابوورییەکانی لوبنان ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی

سیاسییان هەیە. ڕێککەوتنی تائیف لە سعوودیە، کە 30 ساڵ لەمەوبەر بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆی لوبنان واژۆ کرا، سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵاتی لە سەر بنەمای جیاوازییە تائیفییەکان لە لوبنان کردە دیفاکتۆ، کە هەتاکوو ئێستایش بەردەوامە. لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا فەرماندە سەربازییەکان و هەڵگیرسێنەرانی شەڕی ناوخۆی لوبنان بوونە سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدار و بڕیاردەر لە لوبنان.

## دروستبوونی کەلێن لە ناو ماڵی شیعەکاندا

لوبنان پێشینەیەکی لە ناسەقامگیری و ڕاپەڕین هەیە و، یەکەم جار نییە خۆپیشاندان لە قەبارەی شۆڕش یان ڕاپەڕیندا بکرێت. شوباتی 2005، زیاتر لە یەك ملیۆن خۆپیشاندەر داوای دەرچوونی هێزەکانی سووریا-یان لە لوبنان کرد. ئەو خۆپیشاندانە کە دواتر بە شۆڕشی «ئورز» ناوبانگی دەرکرد، ئامانجی خۆی پێکا، بێ ئەوەی پێکهاتەی شیعە تێیدا بەشدار بێت.

بە بڕوای لێکۆڵەرێک لە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتۆن، دۆخی ئێستای لوبنان بە خواستی حیزبوڵڵا نییە، چونکە هیچ شتێك هێندەی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگای شیعەی لوبنان ناتوانێت بڕوابەخۆبوون و تەنانەت بوونی حیزبوڵڵا بخاتە مەترسییەوە». لە ڕابردوودا حیزبوڵڵا پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بنکە جەماوەرییەکەیدا هەبوە، لە هەڵبژاردنی گشتیی لوبنان لە 2018 حیزبوڵڵا توانیی 13 کورسیی پەرلەمان بە دەست بهێنێت. بەڵام هەر لە ماوەی کەمپینەکانی ئەو هەڵبژاردنەدا، لایەنگرانی ڕەخنەیان ئاراستەی کردوە، لەبەر ئەوەی وەکوو جاران خزمەتگوزارییەکان و پشتیوانیی داراییان پێشکەش ناکات، لەبەر ئەوەی شەڕی ناوخۆی سووریا خەرجییەکی زۆری خستوەتە سەر شانی حیزبوڵڵای لوبنان.

حیزبوڵڵا و بزووتنەوەی (ئەمەل)ی شیعی نیگەرانیی چارەنووسی خۆیان بوون دوای دەرچوونی هێزەکانی سووریا لە سەر خاکی لوبنان، هەر بۆیە داوایان لە بنکەی جەماوەریی خۆیان کرد خۆیان لە شۆڕشی ئورز بە دوور بگرن. شیعەکانی لوبنان لە ترسی داهاتووی نادیاری خۆیان لە دوای چوونەدەرەوەی هێزەکانی سووریا، بە دەم داوای ئەو دوو حیزبەوە چوون و فریایان کەوتن. بەڵام دەتوانین بڵێین خۆپیشاندانەکانی ئەم جارە بە پێچەوانەی شۆڕشی ئورز لە سەر بنەمای ئەجێندایەکی سیاسی و تائیفی نەبوو، ئەمەیش وای کردوە قەبارەکەی لە شۆڕشی ئورز گەورەتر بێ و کۆمەڵگای شیعەی لوبنانیش

**حکوومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی لوبنان، پاکێجێکی چاکسازیی ئابووریی ڕاگەیاند، تێیدا بەڵێنی دا کورتهێنانی ڕێژەی لە بودجەی 2020 بۆ 0.6٪ دابەزێنێت. لەم بوارەدا 160 ملیۆن دۆلاری قەرز بۆ نیشتەجێکردن و 16 ملیۆن دۆلاری بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان تەرخان کرد**

بەشداریی تێدا بکەن.

بە بڕوای چاودێران ئەوەی لە لوبنان ڕووی دا ئاکامی درێژەکێشانی دۆخی بژێویی دژوارە، کە لە لایەک حیزبوڵڵا و لە لایەکیش بزووتنەوەی ئەمەل پشتگوێیان خستوە. حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵا لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا پشتگیریی خۆی بۆ داواکانی خۆپیشاندەرانی لوبنان دەربڕی، بەڵام دژایەتیی گۆڕینی کابینەی حکوومەتی کرد، چونکە

نەسرولـڵا لـەو بڕوایەدایـە، دامەزراندنـی حکوومەتێکـی نـوێ دوو سـاڵی دەوێـت، ئەمەیـش بۆشـایی سیاسی لـە حوکمڕانیـدا دروسـت دەکات. بـە دەگمـەن ڕێکەوتـوە کـە خۆپیشـاندەرانی لوبنـان وەکـوو ئـەم جـارە لـە ئامانـج و داواکانیانـدا یەکگرتـوو بـن و کەسـایەتییە سیاسـییە دیارەکانـی ئـەو وڵاتـە وەک سـەعد حەریـری و حەسـەن نەسرولـڵا لـە بەرانبـەر ئـەو داواکارییانـەدا یەکهەڵوێسـت بـن.

بـە شـێوەیەکی گشـتیی ئەمـە کۆتاییـی حیزبولـڵای لوبنـان نییـە، چونکـە ئـەم حیزبـە شـیعییە هـەواداری سەرسەختیشـی کـەم نیـن، هەروەهـا کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران پشـتگیرییەکی سەرسـەختانەی لـێ دەکات، جگـە لەمەیـش چـەك و جبەخانـەی سـەربازی لـە خـودی سـوپای لوبنـان زیاتـرە، بـەڵام حیزبولـڵا جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، ڕووداوەکانـی سـەر گۆڕەپـانی لوبنـان ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی حیزبولـڵا زیاتـر لـە جـاران هەسـت بـە مەترسـی و هەڕەشـە بـکات، بـە دیاریکراویـش لەبـەر ئـەوەی کـە چیـی تـر کۆنترۆڵـی هەمـوو دەنگدەرانـی خـۆی پـێ ناکرێـت و بـە دووریـش نازانرێـت بەرەبـەرە سـەنگی لـەو وڵاتـەدا بـەرەو لاوازبـوون بچێـت، ئەمەیـش نیگەرانییەکـی زۆری لـە لای سـەرکردایەتی و ئەندامـانی حیزبولـڵا دروسـت کـردوە.

**سەرچاوەکان:**

**پێگەی (المستقبل)، پێگەی (الجزیرە)**

